# بەردەوام بن لەسەر ئەنجامدانی حەج وعومرە، چونکە دەبنە هۆی لەناوبردنی هەژاری وگوناهەکان

له عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بەردەوام بن لەسەر ئەنجامدانی حەج وعومرە، چونکە دەبنە هۆی لەناوبردنی هەژاری وگوناهەکان؛ هەروەکو چۆن ئاگری کورەی ئاسنگەر خەوش وژەنگی ئاسن وئاڵتون وزیو لادەبات، وحەجی قبوڵکراو هیچ پاداشتێکی لەسەر نییە مەگەر بەهەشت نەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه الترمذي والنسائي وأحمد)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هانی داوین بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکانی حەج وعومرە ودانەبڕان لێیان بۆ ماوەیەکی زۆر بەپێی توانا، چونکە ئەنجامدانیان هۆکارن بۆ نەهێشتنی هەژاری وگوناهەکان وشوێنەواریان لەسەر دڵ؛ هەروەکو چۆن ئاگر هۆکارە بۆ نەهێشتنی ئەو خەوش وژەنگ وکانزایانەی تر کە تێکەڵی ئاسنەکە بوون.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65627